

دەریـا ڕەوانـدزی

# دیسان بارانە

ئێستا
لەمەملەکەتی من باران دەبارێ،
تاریك وەك ئەدرەسی شەو
بێدەنگ وەك ونبوونی مرۆڤ
کوێر وەك دووهەزار و سێزدە
بەهێمنی دەبارێ و
دەبێتە بزمارێکی داکوتراوی سەر گۆڕەکان
ئێستاش
باران دەبارێ،
هەر دڵۆپێك ترپەی دڵێکە
لەگەڵ دەنگی پێی هەورا
ژین دەگۆڕێ
لەتەپەی ڕۆیشتنی پێ سپیەکان دەچێ!
بەسەر مەزاری مەسیحا بوگوزەرێ
هێشتا
باران بەسەر لاشەی گوڵی سەربەستی
دادەبارێ
ئای چۆن دەبێ
مرۆڤ دڵ خۆشبێ
بەبۆنی خوێن و

کوشتنی پەروانەکان
ئاخر مرۆڤ بەخوێن رشتن
دڕندە دەبێ!
ئێستاش
باران دەبارێ
خۆ لەقوڕی بەر پێی مرۆڤێك دەگەوزێنێ
بەخاچەوە داکوترا،
ئێستاش
باران دەبارێ،
لەکەلەکەی مرۆڤێکی تێنوی زامداردا،
هێشتا خوێنی لێدەچۆرێ،
ئەو لەدڵیدا برینەکان هەڵدەگرێ
برینی ئەو نوورەی کەهەر دەمێنێ
خوێنی فریشەکان جۆگەی بەستووە
لەتەوێڵییەوە دەڕژێ
کەبەو درەختەوە دامان کوتا
قووڵ تا مەرگ
تا دڵی تینوو
ئەو برینەی سارێژ نابێ
ئەو دڵەی ئاگرێك تێدا دەسوتێ
وەک تاجی سەری قەیسەر
بە گڕی ئازار ڕەش داگەڕاوە
گوێم لە ژاوەژاوی تەنیایە
لەدڵی مرۆڤەوە دێ
بۆنی منداڵ بوونەوەی لێدێ
لەنێو حەشیمەتی دڕندەکان
کەچی هێشتا خۆشمدەوێ
لەنێو دەریای شینی ناو چاوانم
خوێنی دڵمە، وا قوڵپەی دێ و
لە تاڤگەی پێڵومەوە دەرژێ.

**کەنەدا/ئەلبێرتا**
**دەریا رواندزی**